گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی | ژمارە ٦٣ – ٢٠٢٥ | ISSN: 2520-4106

# هەژموونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی "پیرەمێرد"دا

## بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری

**زانیار زیاد ئیبراهیم**

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕین**

zanyar.zyad@uor.edu.krd

**سافییە موحەممەد ئەحمەد**

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕین**

Hamdya.mohammed@uod.ac

**پوختە:**

ڕەخنەی کولتووری وەک هەر داهێنانەکانێکی دیکە لە داهێنانەکانی دەستی مرۆڤ کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات لە سنوور و چوارچێوەی ڕەگە (سیستەمە) کولتوورییەکاندا، واتایەک بەرهەم دەهێنێت، کە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییە، پێوەستە بە واتا کولتوورییەکانەوە، زۆر ناپەرژێتە سەر لایەنی ڕووکەشی دەق و بابەتەکانی زمانی دەق و لایەنی ئیستاتیکا و ڕەوانبێژی وەلادەنێت لەبری ئەوە دەست بۆ ڕەگە کولتوورییانە دەبات، کە بوونەتە هەوێنی لەدایکبوون و هاتنەئارای دەق.

بابەتی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک هەر بابەتێکی تری کولتووری، خاوەنی هەژموون و پانتاییەکی زۆرن و لە ئاکار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بە جۆرێک تاکەکان ملکەچ کراون بە پێبەندبوون پێیانەوە، کە لادان لە بەشێک لەو دابونەریتانە لەناو هەندێک خێڵ و عەشیرەتدا هێڵی سوورە و نزیکبوونەوەیە لە لێوارەکانی مەرگ. کۆمەڵگەی کوردییش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری ڕۆژهەڵاتی، خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتە، کە بەشێک لەو دابونەریتانە ئاوێتەبوونە بەتەواوی کایەکانی ژیان، کە ئەدەب و دەقی ئەدەبییش بەدەر نین لەم کاریگەرییانە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ((هەژموونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری)) توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە باسکردن لە چەمکی ڕەخنەی کولتووری و پاشان باس لە بەشێک لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین لە چوارچێوەی هەندێک لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرد و پرەنسیپەکانی ڕەخنەی کولتووری لە چوارچێوەیاندا پراکتیزە دەکەین.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٣/٥

پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٥/١٣

بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٧

**کلیلەوشە:**

قەول، لادان، دەنگ، پەیڤ، ڕستە.

▪ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

## پێشەکی:

ئەدەب وەک داهێنان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی ناچاری پەلهاویشتنە بۆ نێو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان و مەبەستی ئەم پەلهاویشتنەش هەڵهێنجان و دەستگەیشتنە بە هەندێک بابەت و بیرۆکەی مەعریفی و یەکێک لەو ڕەهەندانەش کولتووری نەتەوەییە کە زۆر جار هەندێک لە شاعیران بە تێڕامانی ورد و هەستی شاعیرانەیان وەک سەرچاوەیەکی سوودمەند مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بەمەش دەق و تێکستە ئەدەبییەکانیان ئاوێنە و ڕووگەی هەڵڕشتنی بەشێک لەو کەلتوورە نەتەوەییە دەکەن کە پێیان ئاشنایە، ئەمەش لە نێو ڕەخنەی نوێی جیهانیدا ڕەخنەی کولتووری بەرهەم هێناوە و دواجاریش ئەم ڕەخنە کولتوورییە وەک میتۆد و بەرئەنجامی پۆستمۆدێرنیزم، بنەماکانی کاری خۆی چەسپاندووە. سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی لە دونیای ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا لەسەر دەستی (ڤینسێنت لیتش) چەکەرەی کرد، دواتریش لە ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتیدا و بە دیاریکراوییش لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا (عەبدوڵڵا موحەممەد غەزامی) دەبێتە سەرمەشقی ئەم جۆرە ڕەخنەیە کە ئامانجی کارکردنە لەسەر دەقی ئەدەبی، بەمەستی گەیشتن بەو واتا شاراوە و نادیارە کولتوورییانەی کە بوونەتە هەوێن و هۆکاری هێنانەئارای خودی ئەو دەقانە.

پێڕەوکار و لایەنگرانی پێیان وایە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت بەرهەمێکی ئەدەبی بێتە ئاراوە، بەدەر بێت لە کولتوور و کاریگەرییەکانی کولتوور، چونکە دەقی ئەدەبی لە بنەڕەتدا بەرهەمی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەش بە کولتوور تەنراوە و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕیشەیەکی دوورودرێژ و مێژوویەکی کۆنیان هەیە. ڕەگوڕیشەیان تێکەڵ بە قووڵایی بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگە بووە و تەنانەت سنوورەکانی ئایین و پیرۆزییەکانیشی گرتووەتەوە و وەلانان و دەستبەرداربوونیان ئەستەمە. ئەدەبیش ڕووگە و ئاوێنەیەکی لەباری ڕەنگدانەوەی بەشێک لەو ڕۆشنبیرییە کولتوورییەیە و لە قۆناغە جیاجیاکانی کاروانی ئەدەبی خۆشماندا چەندان دەق و بەرهەمی بونیادنراو بە دابونەریتی کولتووری دەبینرێن.

شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێردیش بەدەر نین لەم دابونەریتانە، بەوپێیەی ئەم پەندانە سەرخانێکی کۆمەڵایەتین و مێژوویەکی کۆنیان هەیە و دەماودەم هاتوون تاوەکوو لە قاڵبی شیعردا بەمەبەستی پاراستنیان لە فەوتان کۆ کراونەتەوە. دەکرێت لێرەدا ئەوە بخرێتە بەرچاو کە پیرەمێر خاوەنی هەموو ئەم بەرهەمانە نییە، بەڵکوو کۆمەڵگە و کولتوور خاوەنی ئەم پەندانە بووە، بۆیە دەشێت بەشێک لە گوتاری پەندەکان بەدەر بن لە ئایدیۆلۆجیا و دونیابینیی پیرەمێرد، هەروەک چۆن مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە پێشەکیی ڕشتەی مرواریدا ئەوەی نەشاردووەتەوە کە کۆکردنەوەی ئەم سەرگوزشتانە بە مەبەستی پاراستنیانە لە نەمان و فەوتانیان، ئەگینا بەشێکیان زۆر سادە و ساکارن، واتە بەدەرن لە ئایدیۆلۆجیا و بیرکردنەوە و ئاستی دونیابینیی من.

### ١-ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**١،١- ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی ئەم توێژینەوەکە بریتییە لە (هەژموونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا، بەپێی بنەماکانی ڕێبازی ڕەخنەی کولتووری)، مەبەستی ناونیشانەکەش هەڵێنجانی ئەو هەژموونە کولتوورییەیە کە لە داڕشتنەوەی پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا بەرجەستە بوون و بوونەتە هەوێنی داڕشتنی پەندەکان، مەبەست لێیان ڕەخنەگرتنە لە دیدی کۆمەڵگە بۆ دیاردەکان، پیرەمێردیش لەو سووژەیەوە ئەو پەندانەی لە قاڵبی شیعردا داڕشتوونەتەوە، کە مەبەست لە ناونیشانەکە هەڵهێنجانی ئەو هەژموونە کولتوورییانەیە کە لە

شیعرە پەندئامێزەکاندا بوونەتە هەوێنی دارشتنی پەندەکان.

**١،٢- پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە، لە بەشی یەکەمدا باس لە زاراوەی ڕەخنەی کولتوور کراوە بە شێوەیەکی گشتی، بەشی دووەم، کە بەسەر پێنج تەوەردا دابەش کراوە، باس لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان کراوە، پاشان بە شێوەیەکی کردەیی لە چوارچێوەی شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا، شرۆڤەی گوتار و سیستەمە شاراوە کولتوورییەکانیان کراوە، پەیام و مەبەستی پشت دەقەکان شەنوکەو کراون، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

**١،٣- سنوور و چوارچیوەی توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچیوەی (ڕێبازی ڕەخنەی کولتووری)دا دەخولێتەوە و دوای خستنەڕووی چەمکە دیارەکانی ئەم جۆرە ڕەخنە نوێیە، سیماکانی ناسینەوەی ئەم چەمکانە لەسەر هەندێک لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا جێبەجێ کراون و چۆنییەتی بە سیستەمبوونی هەندێک دابونەریتی کولتوورییان تێدا دیار خراون.

**١،٤- ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە (ڕێبازی ڕەخنەیی کولتووری) وەرگیراوە، وەک میتۆدێکی وەسفی، هەوڵ دراوە چەمکەکان بناسێندرێت، پاشان بە شێوەی کردەیی بەبێ بڕیاردان، سیستەمە کولتوورییەکانی پشت هەندێک لە شیعرە پەندئامێزەکان دیاری کراون.

**١،٥-پرسیار و ئامانجی توێژینەوەکە:** چەند پرسێک لەبارەی ڕەخنەی کولتووری و سیستەمە کولتوورییەکان (نسق) بوونیان هەیە، ئامانجی جەوهەریی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە تێگەیشتن لە مانای ڕەخنەی کولتووری و چۆنیەتیی پراکتیزەکردنی، هەروەها زانین لە بارەی چییەتیی سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی پشت شیعرە پەندئامێزەکان، دەستنیشانکردنی دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و پەیام و مەبەستە شاراوەکانیان. هەر یەکێک لەم پرسانە، بەشێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن.

## ٢. بەشی یەکەم چەمکی ڕەخنەی کولتووری:

زاراوەناسیی ئەدەبی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا، دەروازەیەکی لەبارە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هەمان زاراوەی کە توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لە بارەوە بە ئەنجام بگەیەنێت. بۆ ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکی کولتووری، پێویستە سەرەتا ناساندن بۆ خودی زاراوەکە بکەین، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگەکان لە زمانە جیاوازەکاندا؛ بۆ نموونە، لەبارەی زاراوەی ڕەخنەی کولتووری لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی (Cultural Criticism)ی بۆ بەکار هاتووە (الشرماني ٢٠١٩، ١٤). لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (النقد الثقافي) (الخليل ٢٠٢٢، ٧)، لە بەرانبەردا بەکار هاتووە. لە زمانی فارسیدا زاراوەی (نقدی فرهنگی) (وند ١٣٩٨، ٣٠) و هەروەها لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری)، (بەرزنجی، ٢٠٢٤، ٢١٢)، و (ڕەخنەی کولتووری) (مستەفا ٢٠٢٣، ٥) بۆ بەکار هاتووە. لە هەریەکە لە کتێبەکانی، (کلیلدان، ٢١٢، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ٣٠١، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠)دا ئەم چەمکە بە (ڕەخنەی ڕۆشنبیری) ناسێندراوە، ئەگەرچی لە ناو توێژینەوەنەوە ئەکادیمییەکاندا، زاراوەی (ڕەخنەی کولتووری) زیاتر ڕۆشتووە و ئاستی بەکارهێنانی زیاترە، بەو پێیەی زاراوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە (لیتش) زاراوەی (Cultural Criticism)ی بەکار هێناوە بەڵام زاراوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونی بە ڕەخنەگرە عەرەبەکان، لای ئەوان بەتایبەت سەرمەشقی ڕەخنەی کولتووری لە ئەدەبی

عەرەبیدا کە (عبدالله محمد الغدامی)ە، زاراوەی (النقد الثقافي) بەکار هێناوە.

سەرەتای باسکردنی چەمکی ڕەخنەی کولتووری، بۆ "لیڤی شتراوس" دەگەڕێتەوە؛ ئەو یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی خستە نێو بواری لێکۆڵینەوە و شەنوکەوی کولتووری بە بایەخەوە کردووە، لە بواری زمانەوانیشدا (فێردیناند دی سۆسێر)، یەکەم کەس بوو لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا چەمکی سیستەمی بەکار هێناوە. پێی وایە، کە ((زمان سیستەمێکە لە نیشانەکان کە گوزارشت لە سیستەمەکان دەکات )) (صبکان، ٢٠١٥: ١٧٩٨ ). شتراوس باسی لە بابەتی کولتوور و ئەدەب کردووە، پێوەندی نێوانیانی بە گرنگەوە شەنوکەو کردووە، کولتوور و ئەدەبیش وەک سەرخان لە بنیادی هیزری ڕۆڵیان هەیە. سوسێر بەهۆی بێزاری و پەستی لە بابەتی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لە بارەی زمان بابەتی لێکۆڵینەوەی وەسفی داهێنا، کە خۆی دەبینییەوە لە لێکۆڵینەوە لە ئێستای زمان و سیستەمە زمانییەکان.

(ڤینست لیتش)، وەک سەرمەشقی ڕەخنەی کولتووری لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا لە بارەی ڕەخنەی کولتوورییەوە دەڵێت: ((جۆرە ڕەخنەیەکە، کە بونیادگەری و پاش بونیادگەری، نوێگەری و پاش نوێ گەری تێ دەپەڕێنێت بەرەو ڕەخنەیەک کە سۆسیۆلۆجیا و مێژوو و سیاسەت و کاری دامەزراوەیی بەکار دێنێت بە بێ ئەوەی دەستبەرداری میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ببێت)) (ج. خەلیل ٢٠٢٣، ٢١٣)، لەلایەکی تر (ئارثەر ئیزا برجر) بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی کولتووری دەکات و دەڵێت: ((ئەم ڕەخنەیە بە یەک شێوە لە چەندان بواری کولتووری دەکۆڵێتەوە، بەڵام بە تەواوەتی کردە هزرییەکان، بوارەکانی شوێنەوارناسی، تیۆری دەروونناسی، تیۆری مارکسی، کۆمەڵایەتی و ئەنرتۆپۆلۆجیا ڕووندەکاتەوە لە نێو دەقی ئەدەبیدا)) (ایزابرجر ٢٠٠٣، ٣٠)، ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە تیۆرە نوێییەکانی دونیای پۆستمۆدێرنیزم و میتۆدێکی کۆکەرەوەیە، کە توێکاری دەق دەکات لە هەموو لایەنەکانی و تەنیا بایەخ بە دەق نادات وەک فۆڕم یان ناوەڕۆک یانیش فۆڕم و ناوەڕۆک، بەڵکوو جوگرافیا و کات و ساتی سەرهەڵدانی دەق و لایەنی دەروونی دەقنووس و مێژووەکەیی و پاڵنەرەکانی پشت نووسینی دەقیش بە هەند وەردەگرێت؛ بۆیە لە ڕێگەیەوە واتا لە دەرەوەی دەق بەدەست دەهێنێت و ئەو ڕایەڵە ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵناسییانەی دەردەخات، کە هۆکاری پشت بەرهەم هاتنی دەقن، چوارچێوەی دەق تێدەپەڕێنێت و دەپەڕێتەوە دیوی دەرەوە بەرەو نووسەر و ژینگە و سەرچاوە و هۆکارەکانی هاتنەکایەی دەق هەنگاو دەنێت. ڕەخنەی کولتووری وەک پەرچەکردارێک بۆ بەگژداچوونەوەی پێداهەڵدان و ملکەچ بوونی ڕەخنە بۆ ئەدەب و سوڕانەوەی ڕەخنەگرەکان بە دەوری دەق و جوانکاری و فۆڕم و ڕووخسار هاتە کایەوە. لەو ڕوانگەیەوە (ڕەخنەی کولتووری بریتییە لە ڕەخنەی سیستەمی کولتووری، کار دەکات لە بارەی گوتاری کولتووری بەگشتی، گوتاری کولتووری ئەدەبی تایبەتی، ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە شەستەکاندا لە ڕۆژئاوا گەشەی کردووە، کە بە لێکۆڵینەوەی کولتووری دەستی پێکرد(Cultural Studies)، کە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەکات لە چوارچێوەی کولتووریدا بەمەبەستی تێگەیشتن لە سەرجەم ڕەهەند و فاکتەرە کولتوورییەکانی دەقی ئەدەبی.) (الشرماني ٢٠١٩، ١٢)، ڕەخنەی کولتووری ڕەخنەیەکی مەبەستدارە و کارێکی ئامانجدار ئەنجام دەدات، ئەویش گەڕان و پشکنینە بۆ سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی پشت دەقی ئەدەبی، دیارە هەموو دەقێک کە بەرهەم دێت، چەندان فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لە بەرهەمهاتنیدا ڕۆڵ دەگێڕن،

کولتووریش وەک فاکتەرێکی کارا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەو نێوەندەدا.

((ڕەخنەی کولتووری، بریتییە لە جۆرێکی ڕەخنە لە بەها و باوەڕ و پرەنسیپە باو و باڵادەستەکانی کۆمەڵ یان تاکەکەس لە کاتی جیاکردنەوەی باش لە خراپ، جوانی لە ناشرینی، کامڵبوون لە کەموکورتی، جا چ ماددی بن یان مەعنەوی، بە بۆچوونی (ئاسابەرگر) ڕەخنەی کولتووری جۆرە چالاکییەکە، کە بەبواری زانستی تایبەت دانانرێت. بە گوزارشتێکی تر، ڕەخنەگرانی کولتووری چەمک و بیردۆزەکانیان بەشێوەی جیاواز دەخەنەڕوو، کە پێوەست نییە بە چوارچێوەیەکی تیۆری.)) (ابوالقاسمی ١٣٩١، ١٧٥). ڕەخنەی کولتووری بایەخ دەدات بە دید و ئامانج و بەها و ڕەمزە کولتوورییەکان و دەرهاویشتە دەرەکییەکان کە بابەتگەلێکی وەک ئەندێشە و باوەڕ و ماف و یاسا و زمان و هونەر و ئەدەبیات و ئابوری و سیاسەت و پەروەردە و فێرکردن و تەکنەلۆژیا و خێزان و بابەتی تر دەگرێتەوە.

قسەکردن لەسەر ڕەخنەی کولتووری بەبێ شارەزاییەکی باش لە هەموو ڕەهەندەکانی کولتوورییەکان بەدی نایەت، دەبێت تەواوی لایەنەکانی کولتوور و فەرهەنگ بناسین کە خۆی لە جیهانبینی، بەهاکان، ئامانجەکان، ڕەفتار و دەرکەوتە و سومبولە دەرەکییەکاندا دەبینێتەوە.((لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی کولتووری (فەرهەنگی) بریتییە لە لێکدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک و ئەدەبیات و کولتووری گشتیی کۆمەڵگەیە. ڕەخنەی ئەدەبی و توێژینەوەی کولتووری لە باشترین شێوەیدا کاتێک بەدی دێت، کە سەرووزمانی بێت (واتا زمانی ئیستاتیکا و خوازەیی) تێ بپەڕێنێت و نابێت دێڕەکان تەنیا بە واتای فۆڕمی لێک دبدرێنەوە، بەڵکوو دەبێت لە واتایەکی باڵا و فرەوانی کۆمەڵایەتیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.)) (کلاشی ١٣٩٨، ٣٧٨)، ڕەخنەی کولتووری، تەنیا بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە چەند بنەما و ئاڕاستەیەک بەدی نایەت، بەڵکوو پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی کولتوور و تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە بنەما کولتوورییەکانی ژینگەی هەر دەقێک، بۆ ئەوەی بە تەواوی بتوانێت شیکردنەوەیەکی بنکۆڵکاریانە بکات و لە بابەتی ڕووکەشی خۆی ڕزگار بکات. ئەم جۆرە ڕەخنەیە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەق، گوتاری ئەدەبی و هونەری جوانکاری شی بکاتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی کولتوور، سیاسەت، کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و ئاکاردا، ڕەخنەی کولتووری دەتوانێت دەقی ئەدەبی بخاتە ژێر ڕکێفی شیکردنەوەکانی خۆیەوە، هەروەها لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکات لەو لایەنانەی، کە دەبنە هۆکاری لە دایک بوونی دەق، واتا ئەو سیستەمە شاراوانەی، کە بوونەتە هۆی پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکە، لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت گوتارێکی یەکگرتووی ڕەخنەیی بنیادبنێت، کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەقی ئەدەبی دەخاتە بەر باس و لە ژێر گوتارێکی یەکگرتوو دەیانخاتەڕوو، جگە لەمە ڕەخنەی کولتووری خۆی دەخزێنێتە نێو ئەدەبی میللی و حیکایەتیشەوە بایەخ بە دەقە سادە و پەراوێز خراوەکانیش دەدات.

## ٣ . بەشی دووەم/هەندێك لە دابونەریتە کولتوورییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی"پیرەمێرد"دا

### ٣،١. تەوەری یەکەم/دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان:

دەکرێت دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان وەک بنەما و هەوێنی کۆمەڵگەکان سەیر بکرێن، بەوپێیەی لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەک و دەستە و گرووپێکدا کۆمەڵێک دابونەریت و دیاردە ورده ورده سەر هەڵدەدەن و دواتر دەبن بە بەشێک لە بنەما و دەستووری ئەو کۆمەڵگە و گرووپانە، ڕەنگرێژیی بەشێکی زۆری کردە کۆمەڵایەتییەکانن، تێکەڵ بە ژیان و ئایدیۆلۆجیا و ئایینیش دەبن، ئەم

دابونەریتانەش هێز و توانایەکی یەکجار زۆریان هەیە، ئەوەتا لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکاندا بە ڕوونی ئەوە بەدی دەکرێت.

((دابونەریت دوو چەمکی گرنگی کۆمەڵناسی و کولتوورناسین، ئەو دوو چەمکە لە سەرەتای کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە هەن، بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جێگۆڕکێ لە کولتوورەکاندا، ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردادێت و لەوانەیە هەندێکیان زەمەنیان نەمێنێت و لەناو دەچن. لە هەر قۆناغێکدا دابونەریتی گونجاو دێتە کایەوە. دابونەریتەکان بە ئاسانی دروست نابن و بە خێراییش لەناو ناچن.)) (س. قادر ٢٠٢١، ٨٦) دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان زادە و بەرهەمی کۆمەڵگەکان و مرۆڤایەتین، بەپێی پێویستی، خواست، کار و بارەکانی مرۆڤەکان لەدایک دەبن و گەشە دەکەن وەک بەشێک لە دەستوور و بەرنامەی ژیان و گوزەرانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک.

دابونەریتەکان ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە، لەبەر ئەوە ڕەفتارمان لەگەڵ هەندێ دیاردەی ژیانی ڕۆژانەمان وابەستەیە بە کولتوور و دابونەریتە چەسپاوەکانی کۆمەڵگەوە؛ بۆ نموونە، هەستان بۆ نیشاندانی ڕێزگرتن لە کەسانی گەورەتر لە تەمەنی خۆمان، ڕیشەیەکی کولتووری یان دابونەریتی هەیە؛ ئەم ڕەفتارە لە کولتووری وڵاتێکی ئەورووپی و ڕۆژئاواییدا سیمایەکی ئاوەژووکراو و پێچەوانەی وەرگرتووە و هەستان لە بەرانبەر کەسانی لەخۆ گەورەتر وەک ڕێزگرتنێکی کولتووری سەیر ناکرێت، تەنانەت پۆشینی بەرگ و چێژوەرگرتن و هەڵچوون و قێزکردنەوەشمان تا ئەندازەیەکی زۆر، وابەستەیە بەو کولتوور و دابونەریتەی پێی پەروەردە کراوین.

((لە نێو هەموو گرووپ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تێپەڕبوونی کات لە ئەنجامی کۆمەڵێک کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی هەندێک هۆکاری وەک چاولێکەر و پێویستیدا، جۆرێک لە دابونەریت دروست دەبن و داوجار ئەو دابونەریتانە دەبن بە بەشێک لە کولتووری ئەو کۆمەڵگانە، هێز و توانای مەعنەوی وەردەگرن و پارێزگاری لێکردونیان وەک نیشانەیەک بۆ هاوبەندیی کۆمەڵایەتی دەبیندرێت، بەشێکیش لەو نەریتانە پشت بە بنەمای ئایینی دەبەستن.)) (رسول ٢٠٢٤، ٤٣)، ئەوە ڕوونە هەموو کۆمەڵ و تاقمێک کۆمەڵێک کولتوور و دابونەریتی هاوبەشیان هەیە و بەشێکی زۆری تاکەکانیش پێبەندن پێیانەوە و هەندێکیشیان بە ڕژدی پارێزگارییان لێ دەکەن و پێیان وایە ئەو دابونەریتانە هۆکارێکی باشن بۆ پێکەوەژیان و ڕەنگرێژکردنی ڕێساکانی هەر کۆمەڵگەیەک پێویستی بە دەستوور و بنەمای جێگیر هەیە، جا ئەو دەستوورە زۆر جار لە دابونەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرن و بەشێکیش لە دابونەریتەکان پێوەست کراون بە ئایین و بیروباوەڕی کۆمەڵگەکانەوە.

کۆمەڵگەی کوردەوارییش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر، بەدەر نییە لەم دابونەریت و کولتوورە کۆمەڵایەتییانە، لەم بارەیەوە توێژەرێک دەڵێت:(لە کۆمەڵگەی کوردیدا دابونەریت و ڕێوڕەسمە ئایینی و نەتەوەییەکاندا، کاریگەریی زۆریان لە سەر زەینی تاکی کوردی داناوە، بەجۆرێک پێبەندی ڕێوڕەسمەکان دەبن کە ئەم ڕێوڕەسمانە بوونەتە بەشێک لە دابونەریت؛ بۆ نموونە، تاک زیاتر ڕەمزە کولتوورییەکان لە بۆنە نەتەوەییەکانی وەک یادەکانی نەورۆز و یادە نەتەوەییەکاندا دەبینێتەوە. لە ڕووی ئایینیشەوە، بۆ نموونە کاتێک یەکێک بە ڕۆژوو نابێت، ڕێز لە ڕەمەزان دەگرێت و دەیشارێتەوە، چونکە شکاندنی نەریتە ئایینییەکان، کاریگەریی نەرێیی لێ دەکەوێتەوە.) (ج. قادر ٢٠١٥، ٤٢)، دیارە تاکی کوردیش وەک هەر تاکێکی تر، پێبەندبوون بە دابونەریت و کولتووری بەلاوە کارێکی پەسەندە، لە

کۆمەڵگەی کوردەواریدا زیاتر دابونەریتە ئایینی و نەتەوەییەکان و کۆمەڵایەتییەکان ئامادەییان هەیە، بێ گومان لادان لەو دابونەریتانە، کاریگەریی نەرێیی خراپی هەیە و زۆر جار پێگە و ڕۆڵی تاکەکانی پێ دیاری دەکرێت، بۆ نموونە کەسێک لە مانگی ڕەمەزاندا بە ئاشکرا و لە بەرچاوی خەڵکیدا خواردن و خواردنەوە بخوات، لە دیدی کۆمەڵگەدا بە چاوێکی تر سەیر دەکرێت و بە یاساشکێن وێنا دەکرێت، ئەمە ڕەنگە بۆ کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵمان گونجاو بێت، بەڵام هەمان کردە لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییدا، زۆر ئاساییە، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی کولتوور و پێبەندبوونە ئایینییەکانەوە.

لەو گۆشەنیگایەوە ڕەخنەی کولتووری بەگژ بەشێک لەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەدا دەچێتەوە و سنوورێکیان بۆ دادەنێت.

((نەریت (عادەت و ئاداب و ڕسووم، ڕێوڕەسم) کەرەستەیەکی دیکەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، نەریت ڕەفتاری تاکەکەسییە لەناو کۆمەڵگەدا، بەپێی باوەڕ و داب و پێویستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لە سیستەمی پەروەردەی تاک و خێزان لەسەری ڕادەهێندرێن، لە کاتی پێویستدا بە شێوەیەکی یەکسەری، تاک پێڕەوی لێ دەکات. بارودۆخی جوگرافی و هەڕەشەی ڕووداوی سروشتی، دەستیان لە کەم و زیادکردنی نەریتەکاندا هەیە، بەشێکی زۆری نەریتەکانیش وەک پێویستی بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی بە شێوەی جیا جیا لە هەموو کۆمەڵگەکاندا دووبارە دەبنەوە.)) (بایەزیدی ٢٠١٥، ٢٣) هەموو ئەو دابونەریتە باوانەی کۆمەڵگەکان ڕیشەیەکی قووڵ و دێرینیان هەیە، دەشێت دەستپێکی لە دایکبوونیان بۆ دەستپێکی دروستبوونی کۆمەڵگەکان بگێڕدرێتەوە، هەر ناوچەیە و تاقم و گرووپێک، بۆ درێژەدان بە ژیانی جڤاکی، کۆمەڵێک دەستووری لە قاڵبی دابونەریتدا بەسەر تاکەکانیدا سەپاندوون، کە وەک پێویستی و بەشێک لە بنەمای مانەوەی ژیانی جڤاکییان سەیر کراون، بۆیەش هیچ کەسێک زاتی سەرپێچیکردنی ئەو دابونەریتانەی نەبووە.

میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتانی دونیا خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی جیاواز و تا ڕادەیەکیش سەیروسەمەرەیە؛ بەشێکی زۆری تاکەکانیش باوەڕێکی زۆریان بەو دابونەریتانە هەبووە و پێڕەوییان لێ کردووەن.

لە کتێبی (عادات و ڕسووماتنامەی اکرادیە)ی (ملا محمودی بایەزیدی)دا، کە بۆیەکەم جار (ڕۆدینکۆ) بە زمانی ڕوسی چاپی کردووە، پاشان (پ. د. شوکریە ڕەسووڵ) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کۆمەڵێک بیروباوەڕی ڕەگئاژۆی دابونەریت و عاداتی میللەتی کورد باس کراون؛ بۆ نموونە:

((- ئەگەر پشیلەیەک دەم و چاوی خۆی بشوات، ئەوا دەڵێن میوانمان دێت.

- ئەگەر پەپوولە لە ڕۆژدا بەدەوری چرادا بسوورێتەوە، ئەوا نیشانەی وەرگرتنی نامەیە لە دوورەوە.

- ئەگەر پێڵاو سەر یەک بکەون، ئەوا سەفەریان دەکەوێتە ڕێ.

-ئەگەر برژانگی چاوی ڕاستی فڕی، نیشانەی مزگێنیی خۆشە. ئەگەر برژانگی چاوی چەپی فڕی، نیشانەی ڕووداوی دڵتەنگییە.

- ئەگەر پەلکەزێڕینە لە ئاسمان پەیدا بوو، ئەوا لەو جێگەیەدا هەرزانی دەبێت.

- ئەگەر کچێک شوو بکات و مارە نەبڕابێت و دەستگیرانەکەی بمرێت، ئەوا دەڵێن ئەو کچە سەرەخۆرەیە، زۆربەی کەس ئەو کچە ناخوازێت، دەڵێن سەربەگۆبەندە، بە تایبەتی ئەگەر دووبارە

ببێتەوە، بەڵام ئەگەر کچەکە بمرێت و دەستگیرانەکەی بمێنێتەوە، بە شووم دانادرێت ئەگەر دەجاریش بێت.)) (بایەزیدی ٢٠١٥، ٤٥، ٤٦)، چەندان دابونەریتی جیا جیا لە نێوان میللەتی کورددا ئامادەییيان هەبووە، بەشێکیشیان تاوەکوو ئەمڕۆش لە هەندێک ناوچە پێڕەوییان لێ دەکرێت و خەڵکەکەی باوەڕێکی بەهێزیان پێیان هەیە.

((دابونەریت بریتییە لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن، ئەمەش بە درێژایی مێژوو لە ئەنجامی چەندان هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، خەڵکی کوردستان خاوەنی دابونەریتی تایبەت بە خۆیانن و زۆر بە توندی پێیانەوە پێبەند بوونە و جێگەی سەرنجی گەڕیدەکان بوونە، وەک ئازایەتی لە شەڕ و جەنگدا و پاراستنی بەڵێن و ڕێزگرتن لە میوان.)) (سالح ٢٠٢٣، ٣٦٦)، لە بەشێکی زۆری سەرچاوەکان باس لە پێبەندیی کوردەکان دەکرێت بە دابونەریتەکانیانەوە، بەشێک لە لێکۆلەر و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش سەرسامیی خۆیان بە بەشێک لە کولتوور و دابونەریتەکانی میللەتی کورد پیشان داوە، بە تایبەت بابەتی پاراستنی ئەمانەت و میواندۆستی و خاوەنبەڵێنی.

پیرەمێردیش وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردەواری، کاریگەر بووە بە کۆمەڵێک دابونەریتی کۆمەڵگەکەی، ئەگەرچی پیرەمێرد خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی مەزنی خێزانی و کەسێتی بووە، بەڵام نەیتوانیوە سنووری دابونەریتەکان تێک بشکێنێت و پێڕەوییان لێ نەکات، ڕەنگدانەوەی ئەو دابونەریتانە لە شیعرە پەندئامێزەکانیدا گەواهیی ئەم ڕاستییە دەدەن. لە دەقێکدا دەڵێت:

**٣،٢. تەوەری دووەم/ دابونەریتی جێنشینی وەک نەژادبوون:** ئەکێک لەو دیاردانەی لە کولتووری کوردەواریدا لە هزری تاکدا چەسپاوە، ئەوەیە کە گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە و ئەمەش ئەو تێڕوانینەی جێگیر کردووە کە کورد بۆ مەسەلەی ڕەسەنێتی و چوونەوە سەر ڕەگ و ڕیشە بڵێ کوڕی باوکی خۆیەتی لە هەردوو باری تێڕوانین بە باش و خراپ بەکار بهێنرێت. یان وەک زۆر جار لە بیروباوەڕی کوردەواریدا ئەوە بەر گوێمان کەوتووە کە دەڵێن: (دایک ببینە و دۆتە بخوازە)، هەرچەندە ئەم بیروباوەڕە کولتووری و نەریتییەی لەو پەندەدا دەردەکەوێت واتایەکی نەرێیی وەرگرتووە، لە کاتێکدا ئەو پەندە بەکار دەهێنرێت و گۆ دەکرێت ئەگەر ناڕازیبوون بۆ ڕەفتاری کچێکی تازەخوازراو هەبێت، بەڵام لە ڕەخنەی کولتووریدا ئەو جۆرە بڕیارانە لێکدانەوەیەکی هەڵەی بۆ دەکرێت، چونکە لە بەرانبەردا لە بیروباوەڕی کوردەواریدا ئەوەش هاتووە کە دەگوترێت (لە وەلیان فاسق و لە فاسقانیش وەلی) کە ئەگەر ئەم پەندە پەندەکەی پێشووتریش ڕەت نەکاتەوە، بەڵام جۆرێک پێچەوانەکردنەوەی پەندی پێشووی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی کۆمەڵگە ئایدیۆلۆجیاییەکاندا، باوک و منداڵ زۆر لە یەکتر جیاوازن و مەرج نییە کوڕ لەسەر هەمان ڕێچکە و بیروباوەڕی باوکی بڕوات؛ بۆ نموونە، (مامۆستا مەسعوود محەمەد) لە کتێبی (گەشتی ژیانم)دا دەڵێت: ((باوکم هەمیشە دەیگوت: شێخ دەمرێت کوڕەکەی یەکسەر دەبێت بەشێخ و لە جێی دادەنیشێت، ئاغا دەمرێت و کوڕەکەی دەرلەحزە دەبێتە ئاغا و جێی دەگرێتەوە، توجاڕ دەمرێت و کوڕەکەی دەبێتەوە بە توجاڕ، ئەمما کوڕە مەلا ئەگەر بیست ساڵان چاوی خۆی بەخوێندن و (ئاڵی دەڵی بابە) کوێر نەکردبێ، گسکدەری کوڵانیشی تێ نابێت. ئەم قسەیە بۆ یەکێکی وەکوو من کە لە پاش مەلای گەورەی کۆیە بەجێما دە جار بەڕاست دەگەڕا، هەر من دەزانم میراتگری پیاوێکی وەها مەزن چ بەتاڵاییەکی بە دەوری میراتگردا دەهێڵێتەوە وەکوو منداڵێکی (**حەوت**) ساڵ جلێکی کەسێکی (**بیست و پێنج**) ساڵی بکاتە بەری))

(محەمەد ٢٠١٦، ٣٧٩). ئەم بۆچوونەی مامۆستای گەورەی کۆیە وەک جۆرێک لە پێبەندبوون بە دابونەریتی دانانی جێنشینی تیادا بەدی دەکرێت، بەشێکی زۆری باوان حەز دەکەن کەسایەتیی خۆیان لە منداڵەکانیاندا بچێنن و نەوە دوای نەوە پێڕەوی لە ناو ناوبانگ و پیشەکانیان بکەن.

لەم بارەیەوە پیرەمێرد لە دەقێکدا دەڵێت:

**ئەڵێن گیا لەسەر پنجی خۆی ئەڕوێ**

**وەجاخزادە بۆ چ خەڵک لێی ئەدوێ**

**بۆ چ مریشکی ڕەش هێلکەی سپییە**

**بۆ چ پەین فەیز و هێزی زەوییە؟**

**کە خودا دای هیچ کەس ناڵێ کوڕی کێی**

**دەستەڵاتداری هەرخۆت گەورەی دێی (کریم،ب١: ٢٠١٩، ٦٦)**

لەم چەند دێڕەدا کە پیرەمێرد لە شێوەی شیعردا دایڕشتوونەتەوە، هەست بەوە دەکرێت هەژموونی هەندێک بیروباوەڕی کۆنی کۆمەڵگە کە سەرچاوەکەیان لە دابونەریتە کولتوورییەکانەوە هەڵقووڵاوە، جۆرێک لە باوەڕی جێگیری لە هزری تاک و کۆمەڵدا دروست کردووە، کە چۆن گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە، ئاواش دەبێت منداڵی نەجیبزادە لەسەر ڕێگە و ڕێچەی باوانی بێت.

سەرباری ئەمەش، سیستەمی شاراوەی پشت ئەم دەقە، پەیامی ئەوە بە ئێمە دەدات، ئەگەر باوکی ئێمە کرێکار بووبێت، دەبێت ئێمەش هەر کرێکار بین و لەسەر ڕێبازی باوکمان بڕۆین، خۆ ئەگەر کەسێکیش وەچەی ئاغا بێت، بەبێ بوونی هیچ قابیلییەتێک دەبێت ئاغایەتیی ئەویشمان قەبووڵ بێت و هەر لە منداڵییەوە دەبێت دەستی بۆ بە سینەوە بگرین.

ئەم تێڕوانینە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، دەکرێت بۆ ئەم بابەتە بگەڕێینەوە سەر کۆمارەکەی ئەفلاتوون، چونکە ئەو پێی وا بووە، دەبێت کوڕی پاشا هەر پاشا بێت و کوڕی وەزیر وەزیر بێت و کوڕی جووتیاریش هەر جووتیار بێت، ئەمەش چینایەتی لە کۆمەڵگەکاندا دەهێڵێتەوە، سەرباری ئەوەش کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوو و خێڵەکی بینا دەکات. ئەوە دەخاتە بیری تاکەکانەوە کە هیچ هەوڵی نوێگەری و گۆڕانکاری نەدەن لە بارەی گۆڕانکاری لە ناوبانگ و پێگەی خێزانیاندا.

پیرەمێرد لە دێڕی کۆتاییی ئەم پەندە داڕێژراوانەی خۆیدا ئاماژە بەو پەندە دەکات کە دەڵێت (ئەگەر خودا دای کەس ناڵێت کوڕی کێیت)، کە ئەمەش نیشانە ئاماژەیەکی ئەو بیروباوەڕە کولتوورییەی هەڵگرتووە، کە بەهاداری تاک لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەستراوەتەوە بە سەرەوت و سامانەوە و تاکی خاوەن سەروەت و سامان لە لایەن خەڵک و دەوروبەرییەوە ڕێزێکی لە ئەندازە بەدەری لێدەگیرێت بێ ئەوەی بزانرێت کە ئەو کەسە کوڕی کێیە و گرنگی بەوە نادرێت ڕەفتار و گوفتاری باوکی ئەو کەسە چۆن بووە؟

**٣،٣. تەوەری دووەم/ دابونەریتی بەشەڕدانی ئاژەڵان:** بەشێک لە دابونەریتەکان، ڕۆڵێکی نەرێیی دەگێڕن لە زۆربەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، لەوانەش دیاردەی یەکلاییکردنەوەی هەموو بابەتەکان لە ڕێگەی هێز و شەڕ و پیشاندانی باڵادەستیی خۆیان لە بەرانبەر کەسانی بێدەستەڵاتدا، ئینجا ئەم دیاردەیە زۆر جار لە مرۆڤەکانیش تێپەڕی کردووە، ئاژەڵیان کردووە بە داردەستی خۆیان بۆ شکاندنی یەکتری و چێژوەرگرتن، دیارە ئەم دیاردەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە پەیوەست بووە بە دونیابینی و ئاستی تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ، تاوەکوو ئەمڕۆش لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دیاردەکانی (شەڕەمنداڵ و

شەڕەکەڵەشێر و شەڕەکەو و شەڕەسەگ ...هتد) بەرچاو دەکەوێت، لە کۆمەڵگەی کوردەواریی کۆندا تاوەکوو کۆتاییی ساڵانی نەوەدەکانیش، ئەم جۆرە دیاردە قێزەونانە وەک کەرنەڤاڵ و پێشبڕکێیەکی پڕ بینەر ئامادەبوونێکی زۆریان هەبووە، خەڵکانێکی زۆریش بۆ چێژبینی ئەو دیاردانە بێ بیرکردنەوە لە لێکەوتە ئایینی و مرۆڤایەتییەکانی ئەو دابونەریتانە ئامادە بوون. لەبارەی بەشەڕدانی ئاژەڵان لەم دەقەدا شاعیر دەڵێت:

**جاران ئیتالیا شەڕەگای ئەکرد**

**وتیان خراپە پێیان لەناو برد**

**ئێمە بەران و کەو کەڵەشێر**

**تێک بەرئەدەین و سەگ دەکەین بە شێر**

**هەموو دەرسی شەڕ ئاخرشەڕییە**

**بۆیە هەڵکردمان کوێرەوەرییە (کریم،ب۱: ۲۰۱۹، ۹۰،۹۱)**

پیرەمێرد لە ڕێگەی ئەو پەندەوە پێناسەی ئەوکاتەی کۆمەڵگەی کوردیمان بۆ دەکات و ددان بەو دابونەریتانەدا دەنێت، کە ئەوکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا باو بوون. گوتاری پشت ئەو دەقە بریتییە لە دەستهەڵگرتن لەم دابونەریتە ناشیرینانە، چونکە شەڕ هیچ سوود و دەستکەوتێکی نییە ئینجا ئەو شەڕە چ مرۆڤەکان بیکەن یانیش ئاژەڵانێکی بێ زمان ببن بە کەرەستە و سوتەمەنی ئەو دابونەریتانە ئەوە کۆتایی و سەرەنجامیان هەر خراپە و تاوانە؛ بۆیە دەستهەڵگرتن و دوورکەوتنەوە لێیان کارێکی پێویستە. ڕەخنەی کولتووریش وەک تێرمیکی نوێی تێگەیشتن لە دەقە ئەدەبییەکان و هەڵهێنجانی مانای شاراوەی پشتی بونیاتی هونەری دەقەکان دوور لەو واتا ڕووکەشییانەی کە بە ڕووکاری دەقەکانەوە دیارن دەیەویت راڤەیەکی نوێ لە بیری خوێنەردا بچەسپێنی بۆ نموونە پیرەمیرد لەو سێ دێرە شیعرەدا ئامانجی ئەوەیە کە ئەو پەندە کوردییە بەجۆرێکی دیکە بە بیر تاکی کورد بهێنێتەوە کە دەڵێ، شەڕ هیچی لێ شین نابێ، یان ئەنجامی شەر هەر کوێرەوەرییە، بەڵام بۆ ئەوەی سیاقێکی نەزمی بداتە ئەو پەندە هاتووە لە سەرەتادا ئاماژەی بە دیاردەی شەڕە گا کردووە کە لە وڵاتیکی وەک ئیتالیا میژوویەکی کۆنی هەیە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئینجا لەوێوە ئاماژەی بە دیاردەی شەڕە کەڵەشیر و شەرە کەو و شەڕە بەران شەڕە سەگ کردووە بۆ ئەوەی ئەو دیوە شاراوەی بیرکردنەوەی هەندێک لەو تاکانەی کورد بە دیار بخات کە چێژ لەو جۆرە شەڕو پێکداهەڵپژانە دەبینن بۆ ئەوەی ئەوەیان بە گویدا بچرپێنی کە دەرس و وانەی شەڕ هەرچی بێت لە کوێرەوەری بەولاوە هیچ بەرهەم ناهینیت.

کتێبی عادات و ڕسووماتنامەی اکراد، باسی لە یەکێک لە خاسییەتەکانی میللەتی کوردی کردووە و دەڵێت: ((کوردەکان ئازاو شەڕکەرن، هەروەها بەشداری کوردە کۆچەرییەکانیش پیشاندەدەت، کە ئەوەنیش هەمیشە لە مەیدانی شەڕدا هەڵنەهاتوون هەتا ئەگەر لەگەڵ دەیان شەڕکەریش بووبن، جەنگاون، بانگی ژنە کۆچەرییە کوردەکانیشیان کردووە کە بە بەخۆبەختکردن و باوەڕپێکراو ناسراون.)) (بایەزیدی ۲۰۱۵، ۲۰، ۲۱)، ئەم باسکردنە لە کولتوور و دابونەریتی کورد دوو ئاڕاستە پیشاندەدات، ئاڕاستەیەکیان ئازایەتی غیرەت و مەردایەتی تاکی کوردە بە پیاو ژنەوە، ئاڕاستەیەکی تریش ئاڕاستەیەکی سلبییە، کە میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو بۆ یەکلایی کردنەوەی تەواوی گیرو گرفتەکان پەنای بردۆتە بەر شەڕ و خوێن ڕشتن، ئینجا ئەوەتا ئەو شەڕ و ئاشوبە بەسەر ئاژەڵانیشدا چەسپێندراوە.

**هەر لە بارەی دابونەریتی شەڕەمنداڵ و شەرە گەڕەک لە دەقێکی تردا دەڵێت:**

**هەندێ عادەتی کۆنی ئێرە بوو**

**کە بەخۆڕایی، خەڵک تێک بەر ئەبوو**

**جارێ لە پێشدا بە شەڕە گەڕەک**

**دەستیان لە یەکتر ئەدایە کوتەک**

**شوێنیان جوێ بوایە زاواو خەزوری**

**نە دەکرا بەلای ماڵیان ڕابووری**

**هەموو ئێواران لەو قەراغ شارە**

**ئەتبینی تێکرا وا شەڕە دارە**

**جارێ منداڵان دایان ئەمەزراند**

**ئینجا گەورەیان تێوە ئەئاڵاند**

**کەم منداڵیان بوو سەری نەشکابێ**

**کەم شەڕ بوو خوێنی تیا نەڕژابێ**

**هیچ کەس نەی گوت: ئەمە بۆ چییە؟**

**هەموو ئەیانگوت: شەڕ ئازاییە! (کریم،ب٣: ٢٠١٩، ٢٧٧)**

ئەگەر سەرنج بخرێتە سەر زمانی ئەو دەقە، ئەوا بەم ڕاستییە دەگەین، کە لەناو میللەتی کورددا، شەڕ و یەکتری شکاندن و خوێنڕشتن بە شێکە لە دابونەریتەکەی، هەروەها ئەقڵیەتی پیاوی کورد زۆر جیاواز نییە لە تێگەیشتن و عەقڵی منداڵەکان، خۆ ئەگەر وا نییە، ئەی چۆن پیاوان لەسەر شەڕەمنداڵ دەیکەن بە شەڕی گەورەساڵان و شەڕە گەڕەک؟ ئەوەشیان لە زەینی تاکی کورددا چاندووە کە شەڕ واتا ئازایەتی و مەردایەتی، نابێت لە شەڕ بترسن ئەگەر گیانی خۆشتان بکەوێتە مەترسییەوە.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە، بەشێکە لە دابونەریتی خێڵەکی و دوورە لە لۆژیک و ڕۆشنبیری و چۆن دەکرێت گەورە، عەقڵی خۆی بداتە دەستی منداڵ و پێوەندیی خزمایەتی و هاوزمانی و هاوشاری بکرێتە قوربانیی یەکلاییکردنەوەی ئازایەتی و یەکتربەزاندن و ئازاردان، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دابونەریتێکی دڕندانە و دواکەوتووە کە بەهێزەکان بێهێزەکان دەچەوسێننەوە و چینایەتی لەسەر بنەمای هێزی بازوو دروست دەکەن، بەتایبەتی بە سەرنجدان لەو دێڕەی کە دەڵێت: **هەندێ عادەتی کۆنی ئێرە بوو، کە بەخۆڕایی خەڵک تێک بەر ئەبوو)** ئیسپاتی ئەو دابونەریتە دەکات کە زۆر جار لەسەر هیچ و بەخۆڕایی، خەڵکی کورد وەک عادەتێک خۆی لە شەڕەوە هەڵقورتاندووە، بێ ئەوەی زانیاری لە پێشینەی ئەو شەڕەوە هەبێت، تەنیا مەبەستیشی خۆنواندن و سەلماندنی ئازایەتیی خۆی بووە، ئەویش بە بەڵگەی کۆتا دێڕی شیعرەکە کە دەڵێت: **هیچ کەس نەی گوت: ئەمە بۆ چییە؟ هەموو ئەیانگوت: شەڕ ئازاییە!**، ئەم بابەتی شەڕ و ئاژاوەیە لە کولتووری کورددیدا ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە کوردەواریدا وتراوە: **(شەڕ لە دەستبەتاڵی باشترە)**، لە ڕووی لۆجیکییەوە، ئەم گوتەیە هیچ لۆجیکێکی تیادا نییە.

**٣,٤. تەوەری سێیەم/ دابونەریتی بەپیرۆزکردن:**

یەکێکی تر لە دابونەریتە سەیر و سەمەرەکانی بەشێک لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بریتی بووە لە بە پیرۆزکردنی شتانێکی ئاسایی کە شیاوی ئەو پێگە و قەدرە نەبوون. دیارە ئەم دیاردەیە تاوەکوو ئەمرۆش لەناو بەشێکی زۆری میللەتانی دونیادا هەیە؛ بۆ نموونە، لە وڵاتێکی وەک هیندستان مانگا پیرۆزە و هیچ کەسێک بۆی نییە بێڕێزی لەبەرانبەردا بکات، لە کولتووری کۆنی کوردیشدا یەکێک لەو ئاژەڵانەی ڕێزی لێگیراوە کەڵەشێر بووە، ڕەخنەی کولتووری تیشک دەخاتە سەر ئەو دابونەریتانە و پەیام و سیستەمەشاراوەکانی پشت ئەو بابەتانە بە گرنگییەوە سەیردەکات، پێی وایە بۆ تێگەیشتن لە هەر

کۆمەڵگەیەک دەبێت دەست بۆ پاڵنەرە کولتوورییەکانی پشت دەقەکان ببەین. بە پیرۆزکردنی هەندێک دیاردە و مرۆڤ و ئاژەڵ وەک بەشێک لە دابونەریت لە هەندێک دەقدا ڕەنگی داوەتەوە:

**شەوی پایزان پیران نانوێنێ**

**کەڵە شێرێکیش نییە بخوێنێ**

**زۆربەی کەڵەشێر لە دێی (ماوەتە)**

**کەڵەشێر کوشتن لایان لەعنەتە(کریم،ب١: ٢٠١٩، ١١١)**

ئەگەر سەرنج لەم دەقە بدەین دەبینین کە تێڕاونینی کۆمەڵگەو دابوونەریتەکان بوونەتە هۆکاری بە پیرۆزکردن هەندێک شت، کە لە بنەڕەتدا هیچ پیرۆزێکی زیاتریان نییە لەگەڵ هاو ڕەگەزەکانی خۆیان، لێرەدا واتای شاراوەی پشت ئەو دەقە ئەوەمان پێدەڵێت کە دروستکراوەکانی خودا هەندێکیان لە هەندێکیان ڕێز لێگیراوترن و بۆ نموونە کەڵەشێر شایستە ڕێزە و نابێت سەری ببڕن خۆ ئەگەر سەریان بڕی ئەوا بەر نەعلەتی خودا دەکەون، کە ئەمەش جگە لە دابونەریت و باوەڕێکی ناوچەیی زیاتر هیچ بنەمایەکی نییە دەشێت ئەو جۆرە تێڕامانە لە چیرۆکی (صالح) پێغەمبەر (علیە سلام) و سەربڕینی وشترەکەیەوە سەرچاوەی گرتبێت.

((کۆمەڵگە تەقلیدییەکان بە قورسی پێبەندی باوەڕ و دابونەریتەکانیان دەبن، دابونەریتەکان ئامرازی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاک دیاری دەکەن نەوەکانیان بە پیرۆزێتی ئەو باوەڕە گۆش دەکەن.)) (س. قادر ٢٠٢١، ٨٩)، لێرەدا ئەوە بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت کە بیروباوەڕی کۆنی کولتووری لە هەندێک بابەت و پیرۆزیدا، حوکمی خۆی سەپاندووە، دەشیەوێت هەموو تاکەکان پێیەوە پێبەند بن، دابونەریتەکان تایبەتن بە ناوچەیەک و گرووپ و تاقمێکی دیاریکراو لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا.

**٣،٥. تەوەری چوارەم/ دابونەریتی گەڕانەوە و مانەوە لە ڕابردوو:** یەکێک لەو دیاردە باوانەی لە نێوان تاکەکانی زۆرێک لە میللەتاندا بەدی دەکرێت، بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردووە، کە پێوەستە بە تێرمی نۆستالجیا، خوولانەوە بەدەوری ڕابردووی دابونەریتی باوانیان، ئەم دیاردەیەش بەزۆری لەلایەن کەسانی بەتەمەنەوە دەستیان پێیەوە دەگیرێت. بەمەبەستی هێشتنەوەی هێز و پێگەی خۆیان لە ڕێگەی ملکەچکردنی نەوەی نوێ بەم دابوو نەریتانە.

((کوردستان کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییە و زانیاریی خەڵک لەسەر بنەمای دین وباوەڕ و دابییەکانە، دابونەریتی کۆن کە لەگەڵ سەردەم نەگونجاوە ڕێگە لە پێشکەوتن دەگرێت، بووە بە ئاستەنگ، لە پرۆسەی ڕۆشنگەری تازەدا پێویستە دابونەریتەکان شیبکرێنەوە لایەنە باش و خراپەکانیان شیتەڵ بکرێن، ئینجا دانیشتووان دەتوانن هەڵبژێرن کە کام ڕێگە باشە.)) (قادر ٢٠٢١، ٩٠)، دیارە ئەمە نەک لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڵکوو لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکانیشدا بابەتی بیر و باوەڕ و دابونەریتەکان ئاستەنگێکی زۆرییان لەبەردەم گۆڕانکاری و تازەگەریدا دروست کردوون، بەجۆرێک دەبن بە بەربەست لە بەردەم داهێنان و تازەگەریدا پێیان وایە دەستگرتن بە دابونەریتی باوانیان مایەی ئاشتەوایی و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگەیە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری دابونەریتەکانیش هەڵەیان تیادایە دژن بە ئایینیش بۆ نموونە بابەتی نوشتە کە ئەمانە لە ڕوانگەی ئایینییەوە جگە لە گوناح هیچ سوودێکی نییە.

لەم بارەیەوە پیرەمێرد دەڵێت:

**ساڵانی پێشوو بەختمان یار بوو**

**حەکیمەکانمان نەخوێندەواربوو**

**نەمان بیستبوو ئەم هەموو دەردە**

**نە چووە زگمان دەرمان بە فەردە**

**ترس و واهیمە نەبوو لە ناوا**

**عیللەتمان بە ئاو ئەدا بە ئاوا**

**بە نوشتەی شێخێک، یا لەرز بڕینێ**

**نەدەما دەرد و ژانی برینێ**

**هێلانەی قوڵتە لەگەڵ شیری کەر**

**دەردەباریکەی لا ئەبرد لەسەر (کریم،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٥)**

لەم دەقەدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی موتروبەکراو بە بیروباوەڕ خۆی حەشار داوە، کە مەبەست و مەرامی ئەوەیە بە ئێمەی نەوەی تازە بڵێت، نەخوێندەوارەکانی کۆنمان ئاقڵ و داناتر بوونە لە بڕوانامەدارەکانی ئەمڕۆ، هەروەها گوتاری بێبەهاکردنی زانست و زانیاریی پزیشکی تێیدا بەرچاو دەکەوێت، نووسەر دەیەوێت پەیامی ئەوە بدات کە زانست و داهێنانە پزیشکییەکانی وەک (حەب و عیلاج) تەنیا زیانیان هەیە و ئەوەی کە لەمانە باشترە بۆ لایەنی تەندروستی بابەتەکانی نوشتە و لەرزبڕین و هێلانەی قوڵتە و شیری گوێدرێژە، کە لەسەر دەستی حەکیمە نەخوێندەوارە ئەزموونداڕەکان بنچینەی ئەو چارەسەرانە دانراوە، نووسەر دەیەوێت قەناعەت بە جیلی نوێ بکات کە پێشینان ئەگەرچی خوێندەواریش نەبوونە بەڵام خاوەنی گەلێک حیکمەت و داهێنانی پزیشکی بوونە. ئەم دەربڕینە پێوەستە بە نۆستالۆژیا و مانەوە لە ڕابردوو، بەهادان بە ڕابردوویێک کە زۆرێک لە داهێنان و بابەتە چارەسەرەکان پشت بەست بەبوون بەهیچ توێژینەوەیەکی زانستی پزیشکییەوە. کەچی نووسەر لە ژێر هەژموونی کولتوور و دابونەریتەکاندا بەراوردێکی نادادپەروەرانە دەکات لە نێوان ئێستە و ڕابردوودا.

**٣،٦. تەوەری پێنجەم/ دابونەریتی هاوسەرگیری و بەزۆر بە شوودان:** یەکێک لە دابونەریتە کۆنەکانی بەشێک لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بریتی بووە لە بەزۆر بەشوودانی کچان و پرس پێنەکردونیان، دیار ئەم دیاردەیە لە قاڵبی دوو بۆ سێ هەنگاو خۆی نواندووە ئەوانیش بابەتەکانی (ژن بە ژن، شیربایی، گەورە بە بچووک، خستنە بەر خوێن) لە هەر یەکێک لەم بارانەدا کچەکە دەبوو بە قوربانیی یەکەم، لێرەدا سیستەمی شاراوەی پشت ئەم دەقە ئەوەیە کە پیرەمێر دەیەوێت باس لە دیاردەیەکی قێزەون و کولتوورێکی نەشیاوی کۆمەڵگەکەی بکات، ئەویش بەزۆر بەشوودانی کچانی تەمەن منداڵ بۆ پیاوانی بەتەمەن، ئەمە یەکێکە لە دابونەریتەکانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کچ بەشوودان لە پێناو پارە و سامان، ئینجا حساب بۆ خواست و ئارەزووی کچەکان ناکەن، لێرەدا ڕەخنەی کولتووری گەرەکیەتی هەڵوەستەیەک لە بەردەم ئەم جۆرە دیاردانە بکات لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی سیستەمە شاراوەکانی. ((کچ بەزۆر بەشوودان جۆرێکی هاوسەرگیری بووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە، بە جۆرێک کچەکە بەبێ ویستی خۆی بە زۆر لە پیاوێک مارەیان کردووە، زۆر جار پیاوەکە تەمەنی لە کچەکە زۆر زیاتر بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوەکە پارەدار بووە لە بەرانبەر پارەیەکی زۆر کچەکەیان لێ مارەکردووە.)) (ساڵح ٢٠٢٣، ٣٦٩-٣٧٠)، ئەم جۆرە لە دابونەریتانە، ڕیشەیەکی درێژ و هێزێکی زۆریان هەیە ئەگینا باوک چۆن دڵی دێت ستەم لە جگەرگۆشەکەی بکات و چارەنووسی بخاتە ژێر ڕەحمی قەدەرێکی نادیار و پڕ کێشە لە پێناو بڕێک پارەدا، بێگومان پارە کاتێک چێژی دەبێت بۆ مرۆڤەکان کە مرۆڤ ئاسوودە و ئارام بێت لەو ژیان

و خێزانەی دروستی کردووە، خۆ ئەگەر وا نەبێت پارە و دەوڵەمەندی بەهایەکیان نابێت.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کچبەشوودان بۆ پیاوی بەتەمەن، بریتی بووە لە بەشوودانی کچ لە پێناو خوێندا (ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کاتێک دروست دەبوو، دوژمنایەتی لە نێوان دوو بنەماڵە دەهاتە کایەوە، بنەماڵەی بکوژەکە بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتن و کوژانەوەی شەڕەکە، کچێکیان دەدا بە بنەماڵەی لێکوژراو، بەڵام ئەوەی دەبوو بە قوربانی کچەکە بوو، چونکە بۆ ئەبەد نەیدەتوانی داوای مافی خۆی بکات و هەمیشە بە چاوێکی دوژمنکارانە لێیان دەڕوانی، چونکە لە بری خوێن وەریان گرتووە.) (ئازاد ٢٠٢٣، ٣٧١)، ئەم تێڕوانین و بڕیاردانە لە چارەنووسی کچەکان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بە درێژایی مێژوو ڕەگەزی مێینە کراوە بە قوربانیی کوژاندنەوەی ئاگری دووبەرەکی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم جۆرە لە بڕیاردانەش بە زیانی یەکەمی کچەکان تەواو دەبوو، زۆر جار لە بری ژیان، دەخرێنە دۆزەخێکی ئەبەدییەوە.

**ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیە وەک بەشێک لە داب و بەریت لە دەقەکاندا ئامادەیی هەیە:**

**کچ بە نابەدڵی بۆ پیر چوو بە بووک**

**مێرد بێزار ئەکا شەو بە نووکە نوک**

**هانام بۆ تۆیە خوای دەستگیر**

**نەمکەی بە بووک و بکەومە دەست پیر(کریم،ب١: ٢٠١٩، ٦٣)**

بەشێک لە نەریتە کولتوورییەکان سیتەمێکی دەمامکدار داپۆشیون لە بری ئەوەی هۆکارێک بن بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەکان و تاکەکانی، دەبن بە بنەمای لێکترازان و تێکدانی ئازادی و خواستەکانی تاک و هۆکارێکی توندن بۆ ڕێگری لە داهێنان و هەوڵدانی مرۆڤەکان بۆ گۆڕانکاری، هەروەها بەشێکیان هۆکاری دەمارگیری و یەکتر قەبووڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی کەسانی بێگانەن لە ناو کۆمەڵگەکانیاندا. ((دەبێ بە یاسا بەرەنگاری نەریتە خراپەکان ببینەوە، وەک کوشتنی تۆڵەکارانە لە کاتی کارەسات یان کێشەی شەرەف، خەتەنەکردنی منداڵ بە تایبەتی ئافرەت، کچبەشوودان بەبێ ڕەزامەندی.)) (س. قادر ٢٠٢١، ٨٨)، بەشێک لە دابونەریتەکان دەبێت بە ڕێکار و هێزێکی یاسایی توند بەرەنگاریان ببینەوە بۆ کۆتاییپێهێنانیان چونکە بەردەوامبوونیان لێکەوتە و ئاکامی خراپ بۆ کۆمەڵگەکان و ئایندەی مرۆڤایەتی دەبێت، ئەوا سەرباری ئەوەی هەموو میللەتان خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریت و کولتووری جوان و سەرنج ڕاکێشن و کە بەشێک لەو دابونەریتانە هۆکاری ئاشتەوایی خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگەکانن و پێویستە دەستیان پێیەوە بگیرێت و مللەتی کوردیش خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی جوان و شایستەیە لەوانە (هاوکاری و هەرەوەز و سەردانی نەخۆش و میواندۆستی و بۆنە کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکان و خێزان و ڕێزگرتن لە گەورە و بەتەنگەوەهاتنی پەروەردە و زانست.. هتد.)

دەکرێت بازنەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییە ئامادەبووەکانی ناو دەقەکان لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوون بکەینەوە:



### ٤.ئەنجامەکان:

١-لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا کۆمەڵێک دابونەریت بوونیان هەیە کە ئاماژەن بۆ تێگەیشتن و ئاستی ڕۆشنبیری ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەوانە بابەتی جێنشینی و پەروەردەکردنەوەی کوڕ لە قاڵبی باوکیدا، بە جۆرێک کە هەمان کەسایەتیی باوانیان بن لە قاڵبێکی نوێدا، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ چەقبەستوویی کۆمەڵگە و پووکانەوەی گۆڕانکارییەکان.

٢-دابونەریتەکانی شەڕ و تۆڵەکردنەوە و یەکلاکردنەوەی بابەتەکان لە ڕێگەی بەشەڕدانی ئاژەڵان و شەڕەمنداڵ و شەڕەگەڕەکی گەورەسالان لە کولتووری کوردیدا و لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا، ئامادەییەکی زۆریان هەیە، ئەم دابوونەریتانەش لە دیدی ڕەخنەی کولتووریدا جێگەی هەڵوەستەن و ئامانج لە دەرخستنیشیان بەگژداچوونەوە و کاڵکردنەوەیانە.

٣-بابەتی بەزۆر بەشوودانی کچانی منداڵ بە پیاوانێک کە نزیکن لە تەمەنی باوکیان، یەکێک بووە لە دابونەریتە خێڵەکییەکانی بەشێک لە میللەتانی خۆرهەڵات، هەروەها دابونەریتەکانی شیربایی و بەشوودان لە بەرانبەر خوێندا، مێژوویەکی کۆنیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە، لێرەدا ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە، ئامانجی نووسەر لە باسکردنی ئەم دیاردە نەخوازراوانە بە ئاقاری بنەبڕکردن و نەمانیانە لە کۆمەڵگەدا، چونکە ئەم دیاردانە هۆکاری زۆربوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی زیاتری ڕەگەزی مێینەن.

٤-"پیرەمێرد" پەسەندی بەشێک لە دابونەریتەکان دەکات وەک پەسەندکردنی دانا و حەکیمە نەخوێندەوارەکان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک دابونەریتی وەک شەڕ و ئاژاوە و بەزۆر بەشوودان و شیربایی و گەورە بە بچووک، بەشەڕدانی ئاژەڵان و شەڕەگەڕەک..هتد. ڕەت دەکاتەوە.

### ٥.لیستی سەرچاوەکان:

#### ١،٥.یەکەم/سەرچاوەکان بەکوردی:


بایەزیدی، ملا محمودی:( ٢٠١٥ )، عادات و ڕسوماتنامەی اکرادیە (دابونەریتی کورد) وەرگێڕانی بۆ ڕوسی، م.م. ڕۆدینکۆ، وەرگێڕانی/ د.شوکریە ڕەسول، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، هەولێر.

بەرزنجی: (٢٠٢٤) کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکە، سلێمانی.

غەزامی، عبدالله محمد: (٢٠٢٠)، ڕەخنەی کولتووری وەک ئەڵتەرناتیڤێکی مەنهەجی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، و/د.دانا ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

فایەق هۆشیار، مستەفا سالح، مەحمود ئەحمد، محمد نوری، ئەحمەد زەکی: (٢٠١٩)، پەندەکانی پیرەمێرد، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی چوارەم، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، بەرگی سێیەم، سلێمانی.
قادر، جەبار ئەحمەد: (٢٠١٥)، کولتوور و سیاسەت، چاپخانەی پەنجەرە، هەولێر.

قادر، سەرۆ: (٢٠٢١)، کولتوور و کێشەکانمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- چاپی یەکەم، هەولێر.

محەمەد، مەسعوود: (٢٠١٦)، گەشتی ژیانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مستەفا، دانا ئەحمەد: (٢٠٢٣)، کۆمەڵێک نووسەر ،و/د.دانا ئەحمەد مستەفا، دید و ڕێباز لای غەزامی، چاپخانەی سەردەم، هەولێر.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد: (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، تاران.

٢,٥.گۆڤارەئەکادیمییەکان/

خەلیل، جەواد: (٢٠٢٣)، ڕەخنە لە ژەهری کولتووریی (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بەهای ڕەخنەی کولتووری) ".ڕامان، ژ ٣١٤ ٦٨ بۆ ٨٠.

سالح، ئازاد عوبێد، ڕێباز لوقمان ڕەشاد: (٢٠٢٣)، ڕەنگدانەوەی دابونەریت و گیر و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا لە عێراق ١٩٥٨-١٩٦٨، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردی، ژ ٥٦.

**٣,٥.دووەم/سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

أبو عبدالرحمن الخليل بن احمد:(١٩٥٨)، كتاب العين، تحقيق: د.مهيد المخزومى، د.ابراهيم سامرائي، دار و المكتبة الهلال، ج٥، بغداد.

أبو نصر إسماعيل بن حماد:(١٩٥٧)، الصحاح تاج اللغة و صحاح العربي، تحقيق، أحمد عبدالغفور عطار، دار العلم للملايين، ج٦، بيروت.

أحمد مختار عبدالحميد عمر:(٢٠٠٨)، معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب، الطبعة الأولى.

إيزابرجر، ارثر: (٢٠٠٣)، النقد الثقايف متهيد مبديئ للمفاهيم الرئيسية، ت/ بسطاويسى، وفاء ابراهيم و رمضان، طبعة الاولى: ملركز القومى، قاهرة.

خليل، ابراهيم محمود: (٢٠٠٣، النقد الادبي الحديث من محاكات الى التفكيك، بيروت: دار السمير.

الشرماني، د.فتحي احمد(٢٠١٩)، دينامية النسق الثقافي في القصيدة الجاهلية، الاردن: مكتب.

معجم اللغة العربية ، المعجم الوصيط، لاتوجد سنة النشر، دار الدعوة، ج٢. قاهرة.

منصور، محمد بن احمد الازهري:(٢٠١٩)، تهذيب اللغة، بيروت: دار احياء، الطبعة الثالث، ج٨.

منظور، محمد بن مكرم بن على، أبوفضل: (١٩٧٩) ، ليسان العرب، دار صادر، الطبعة الثالث، ج١٠، بيروت.

**٤,٥. سێیەم/سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:**

ابوالقاسمی، محمد جواد: . (١٣٩١)، اخلاق نقد فرهنگی و فرهنگ نقد اخلاقی ".فصلنامی اخلاق زیستی، سال دوم، شماره سوم، بهار ١٧٤.

کلاشی، ناهیده: (١٣٩٨)، نقد ادبی و نقش آن در مطالعات فرهنگی ".پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ٢٨-٥٨.

وند، تورج زینی: (١٣٩٨)، قد فرهنگی ادبیات تطبیقی از دیدگاه عزالدین مناصره ".قشنامەء علمی، پژوهشی پژوهشهای ئەدبیات تطبیقي .٣٠.

# (هيمنة العادات والتقاليد الاجتماعية في قصائد الأمثال والحكم لـ(پيرەمێرد) في ضوء أسس النقد الثقافي)

زانيار زياد ابراهيم [١]

zanyar.zyad@uor.edu.krd

صافيه محمد احمد [٢]

safya.kurde@uor.edu.krd

١+٢ قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساسية، جامعة رابرين- رانية- إقليم كردستان -العراق.

**ملخص:**

مثل أية اختراعات أخرى للإنسان، يعمل النقد الثقافي على النصوص الأدبية ضمن إطار الجذور (الأنظمة) الثقافية، فينتج معنى خارج النص الأدبي ويلامس الجذور الثقافية التي قامت عليها ولادة النص، دون الالتفات إلى ظاهر النص وجوانبه اللغوية والجمالية والبلاغية.

إن قضية العادات والتقاليد الاجتماعية، كأية قضية ثقافية سائدة أخرى، تنعكس في سلوك الأفراد داخل المجتمعات؛ بحيث يكون الأفراد عرضة للتمسك بها، بل الخروج عنها في بعض الأحيان وعند بعض القبائل والعشائر يعتبر خطا أحمر وتقربا إلى حدود الموت.

يتم المجتمع الكردي -كأي مجتمع شرقي آخر- بعدد من العادات والتقاليد، التي يندمج بعضها في كافة مجالات الحياة، ولا يستثني الأدب والنصوص الأدبية من هذه التأثيرات.

هذه الدراسة المعنونة بـ(هيمنة العادات والتقاليد الاجتماعية في قصائد الأمثال والحكم لـ(بيرةميرد) في ضوء أصول النقد الثقافي)، دراسة نظرية وعملية في حد ذاتها، وهي تقوم بتناول مفهوم النقد الثقافي، ومن ثمّ تدرس بعض العادات والتقاليد الاجتماعية في إطار قصائد الأمثال والحكم للشاعر (بيرةميرد)، استنادا على تطبيق مبادئ النقد الثقافي فيها.

**الكلمات المفتاحية:(النقد الثقافي، العادات، التقاليد، قصائد الأمثال، بيرةميرد).**

**The Dominance of Social Customs and Traditions in the Proverbial Poems of Piramerd: A Cultural Criticism Approach**

**Abstract**

Cultural criticism of literary texts, like the other forms of critical analysis, operates within the context of the culture that produced it. This approach goes beyond simply analyzing the text itself (language, style, rhetoric and aesthetics) to explore how the cultural values and beliefs embedded within the text reflect and shape the society that gave rise to it. Social customs and traditions significantly shape how people behave within a society. Individuals often feel compelled to conform to these deeply ingrained norms. Violating the deeply-held traditions can have severe and even life-threatening consequences within some tribal communities. Kurdish society has a rich tapestry of customs and traditions deeply woven into everyday life. These cultural influences are also evident in Kurdish literature and literary texts. The present research employs a blended theoretical and empirical methodology. The study commences with an exploration of the foundational tenets of cultural criticism. Subsequently, it delves into the application of these principles within the specific context of Piramerd's proverbial poetry. Finally, the research concludes with a practical demonstration of cultural criticism through an in-depth analysis of the selected poems.

**Key Words**: Cultural Criticism, Customs and Traditions, Proverbial Poems, Piramerd.